## بیرەوەرییەکانی ڕەزم ئارا

سەرلەشکر و پاشان سپەهبود حاجعلی ڕەزم ئارا، سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کە دواتر گەیشتە پلەی سەرۆک وەزیری ئێرانیش، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەشێکی بەرچاوی تایبەت کردوە بە شەڕ و کێشەی سوپای ئێران لە کوردستان و ئازەربایجانی ساڵی ١٩٤٦ و پێش هەرەسی هەر دوو کۆمارەکە.

لە بیرەوەرییەکانی ڕەزم ئارا چەندە ها جار ئاماژە بە شارەکانی موکریان وەک مەهاباد و سەقز و هەروەها شارەکانی دیکەی کوردستان کراوە، بەڵام یەک جار ناو لە بۆکان براوە. لە لاپەڕەی ١٨٤ی کتێبەکەدا هاتوە:

"سەرلەشکر هومایونی ... تەسلیم بوونی قازی محەمەدی قەبووڵ کرد. لەم ماوەیەدا هێزەکانی دەوڵەت لە سەردەشت و بۆکانیش دامەزران."

خاطرات و اسناد سپهبد حاجعلی رزم آرا، به کوشش کامبیز رزم آرا و کاوه بیات، نشر شیرازه، تهران ١٣٨٢[٢٠٠٣]، فارسی.